# مەلەوانی لە دەریای مردندا
# هیوابڕاوی سۆزان سۆنتاک

و: رەهێڵ فەرحان

(سۆزان سۆنتاک)ی دایکم زانستی لا خۆشەویست بوو و باوەڕی پێی هەبوو(وەک چۆن بەفیعلی من باوەڕی بەهێزم پێی هەیە)، گفتوگۆو مەنتیق گرنگترین هۆکاربوون کە کاریان لە بیرکردنەوەکانی کرد، هەروەها هەموو ئەو شتانەشی دەکرد کە جێی سەرنجڕاکێشانی بوون، پێم وایە ئەم حەزکردنەی بەزانست(وەک منداڵێ لە کاتی خوێندنەوەی مادام کۆریدا، کە نموونەی یەکەمییەتی لە ژیاندا)، هەروەها پزیشکەکانی یارمەتیاندا بۆ پتەوکردنی ئەم پەیوەندییە. هەمیشە شتێ لە دەرەوە هەیە کە باشترە لەوەی لە دەستدایە، لە کاتێکدا کە ئەم شتە یا ژیانێکی نوێیە یا چارەسەرییەکی پزیشکی نوێ، چونکە سۆزان سۆنتاک تووشی نەخۆشی شێرپەنجە هاتبوو.

کتێبی دێڤد ریف لەبارەی سۆزان سۆنتاکی دایکی کە ناونیشانی(مەلەوانی لەدەریای مردنی) هەڵگرتووە، باس لە پەیوەندی نێوان بڕواو گرێی شێرپەنجەییەکان دەکات، وەچۆن دەشێ پێشبینییەکان هیوا بکوژن و نائومێدی لە جێدا بچەسپێنن.

لە کۆتایشدا هیوابڕاوی باڵی بەسەر سۆزان سۆنتاک داکێشاو بڕوابوونی بەزانست، یا دەرمان دادی نەدا، ئەقڵ یا بیرکردنەوە لە شتێ، ئومێدی بەهەموو ئەم شتانە هەبوو، بەڵام کۆی هەموویان نەیانتوانی لە مردن رزگاری بکەن، چونکە نەمری بەشی مرۆڤ نییە، جا چ مرۆڤەکە ئیماندار یا بێ ئیمان بێ. هەموومان لە یەک دەریادا بەدرێژایی ژیان مەلە دەکەین و بەپێی توانا هەوڵدەدەین سەرئاو بکەوین بۆ مانەوەو دەستگرتن بەهێڵی چەندەها ژیان کە دەیانپارێزین: ئەقڵ، زانست، باوەڕ، ئایین، هونەر، مۆسیقاو خەیاڵ، بەڵام لە کۆتاییدا بەرە بەرە بەرەو خوارەوە دادەبەزین وەک ئەدنا سانت فینست میللی لە بەرەو(ترۆپک) نووسیویەتی: هەندێ کەس لە سەرپشت رادەکشێن و هێدی هێدی سەرئاو دەکەون، بەڵام لەوکاتەی کە ئەوانی دیکە شێلگیرانە بەرگری دەکەن، بەڵام بۆ خوارەوە رۆدەچن وەک ئەوان،

هەندێ کەس خۆی بەجۆرەها شێوە بەقۆناغەکانی هیــواوە دەگــرێ و یەکــێکی دی تووشی چەند حاڵەتێکی تووڕەبوون و رق دەبێ، بەڵام هەموویان بۆ ئەو شوێنە دەچن کە رووناکی تێدا کۆتایی دێ و دەمــرێ. هەندێ کــەسی دیکە پێی وایە مــردن گواستنەوەیەکە، لە کاتێکدا ئەوانی دی پێیان وایە مردن کوژانەوەیە.

ســۆزان ســۆنتــاک هەمــوو ئەو حــاڵەتانەی تاقیکردۆتەوەو بیــری بۆیان چووە. کتــێبــەکــەی ریفــیش لە بنەڕەتدا پشــتی بە وتارێکی دایکی بەســتــووە کـە لە گـۆڤــاری نیــویۆرک تایمز بەر لە مردنی(٢٠٠٤) بڵاویکردبۆوەو باس لە شەڕکردنی دژی نەخۆشی شێرپەنجەو بیـرکـردنەوەی لە مـردن دەکات. نەخۆشییە لای قەبووڵ کراو بوو و بەرگەی ئێشــوئازارەکـانی دەگـرت مـادام هۆشی سـاغ بوو، جەســتــە وەک شــتێکی گـرنگ نەمـایەوە، بەڵکو تەنیـا هۆش گرنگ بوو. پێم وایە سۆزان سۆنتاک باوەڕی بەنەمری شتێ هەبوو کە ئەویش هۆشە هەتا ئەگـەر پەناش ببـردرێتــەبەر شێــوازەکـانی خـەیاڵی زانســتی نامـەنتـقی، کـە ئەویش پارزگـاریکردنی کەللەسەرو پاشان ئەقڵە.

ئەم جۆرە نەمرییەی ترازاوە لە جەستە هەندێک ناوی دەنێن(رۆح)و پەناگەی باوەڕدارەکـانە، بەڵام ئەو باوەڕی بەمە نەهێنا. پێم باشتربوو بەپێی توانا کــەم لەســەر دایکم بنووسم لەبارەی پەیوەندیم لە دەیەی کـۆتایی ژیانی، بەڵام بەکـورتی ئەم کـەمـە نووسینە ماندووکەرو زۆر زەحمەت بوو.

دایکم کەرەتێ نووسی: مردن جێی بەرگـەگـرتن نیـیـە، تەنیـا ئەگـەر بۆ پشت (ئانا) برۆین، بەڵام لەگــەڵ ئەوەیش کـــە لە ژیانی خـــۆیدا زۆری وەدەستهێنا کەچی نەیتوانی ئەمە بکات.

وە لـەپــشت چیـــــــرۆکی بـاوەڕهـێـنـان یا باوەڕنەهێناندا پەناگــەو نائومــێــدی خـــۆی حـەشـاردراوە، رەخنەی پزیشکی هەیەو وەک چۆن بەندکراوەکـان دەبنە شارەزا لە بەندە یاسـاییەکان، ئەوا تووشبووانیش بە شێرپەنجەی خوێن و ئەندامی خێـزانەکـانیـان شـارەزا دەبن لە جـۆرەها دەرمـانی پێـویست و دەگـۆڕێن، لە کـۆتایشـدا مـردنێک لە خێزانەکە هیچ رووداوێکی پزیشکی یا ئایینی یا زانسـتی یا رۆشنبیری هاوشێوەی نابێ. سەبارەت بەمـرۆڤ ئەوەیە کـە ئاخـۆ هەبێ یا نەبێ، مـرۆڤ پێویستی بەخوێندنەوەی وتارێکی سۆزان سۆنتاک هەیە(بۆ رێزگـرتن لە ئازاردانی ئەوانی دیکە) کـە پاش کــەشــفکردنی وێنەکــانی(گــرتووخــانەی ئەبوغــرێب) بەر لە مــردنی بەچەند مــانگێ لە گۆڤاری نیویۆرک تایمز بڵاوکرایەوە. لە میانەی ئەم وتارەدا دەزانین جـــیـــهـــان چەند پێـــویســـتی بەهاوشێـوەی هەیە، ئەو لە وتارەکەیدا کەسێکی هاندەر نەبوو، بەڵکو دانپــێــدانانێکی لەبارەی ئەخلاقەوە پێشکەش کرد لە نووسەرێکی سەربەخۆ لە بیرکردنەوە وەک بیرمەندێکی بەهرەمەندی بەرز، ئەو لەســەری بوو خــاڵ لەســەر دێڕەکــان دابنێ یا ئەوەی پچڕاوە پێکەوە گرێی بداتەوە. هونەرو شەڕ، رۆشنبیـرو هەسـتـەکـان، سیـاسـەت و سـینەمـا، نەخۆشی و خوازە.

کــتــێـبــەکــەی ریف مــاندووبوونێکی گــەورەیەو بەشـێـوازێکی زۆر جیـا نووسـراوە، بریتـیـیـە لە لێکبوونەوەو گرێدانی بیرکردنەوەی نێوان دایک و کوڕەکەی، پەیوەندییەک کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە.

پاش مـردنیـشی ریف سۆزان سۆنتـاکی دایکی بەرەو پاریس بردوو بۆ ئەوەی لە گـــۆڕســـتـــانی مۆنیارناس لەنێوان هاوشێوەکانی لە هونەرمەندو بیرمەندەکان و پیاوە جیاکان لە نزیک سیمۆن دی بوفــوارو ســامــوئیل بیکت بنێــژرێ. تابلۆیەکی رەشیـش ئامـاژە بەخـانمە نووسـەرێکی ئەمـریکی دەدات کــە نـاوی ســۆزان ســۆنـتــاکــە -١٩٣٣- ٢٠٠٤).

**سەرچاوە:**

المدى الثـقـافي- العـدد ١١٣٦ الخـمـيس/ ٢٤ك٢ / ٢٠٠٨

**و: بۆ عەرەبی ئیبتسام عەبدوڵڵا**